# مامۆستا جەمال داینەمۆی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشبوو

شەهید جەمال تاهیر ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێڕە بوو کە پێویست بوو بۆ گەشەکردنو پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانو داینەمۆی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلی کورد بوو, شەهیدبوونیشی زیانێکی گەورەبوو لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کەوت.

ئەوخەباتگێڕە بوو لەژیانـدا تەنها یەك خولەك پشووی نەداو لەتێکۆشان دوانەکەوت. دانەبڕاو پشتی لەشۆڕشگێڕان نەکردو ژیانیشی لەوپێناوەدا بەختکرد.

ئەومرۆڤە رووخۆشو دڵپاکەو هاوڕێ خۆشەویستە بوو, بۆ تەنها ساتێ جارێ رووی گرژ نەکردو خەندەی لەسەرلێوەکانی لانەچوو.

هەمیشە گەشبینو بەرچاو روونو بەهیواوە ئەژیاو لەتەنگانەدا نائومێدو ڕەشبین نەبوو.

هاوڕێکانی هەرگیز لەلای ماندوو بێزار نەئەبوون.لەزیندانیشدا, چۆکی بەبەعس داداو چۆکی بۆ بەعس دانەدا.خاوەنی بەرزترین خووڕەوشتو کردەوەی جوان بوو, خاوەنی کەسێتییەکی بەرز بوو,کادیری ناوجەماوەرو خۆشەویستی هەمووان بوو, دڵو هەستودەروون فراوان بوو, زۆری کاتەکانی لەناو هاوڕێکانیدا بەسەر ئەبردو گوێی بۆ ڕەخنەو پێشنیازو راو بۆچوونەکانیان ئەگرتو ڕاستیەکانی بۆ ڕوون ئەکردنەوە لەهەڵسو کەوتیدا, سادەو ساکار بوو, هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ هاوڕێکانیدا نەبوو, ئەگەرچی لێپرسراوو خاوەنی پلەیەکی بەرزی ناو شۆڕش بوو.

ئەو هەڤاڵەی لاگەورەبوو, کە ئەرکەکانی بەباشترین شێوە ئەنجامئەداو دڵسۆزو فیداکاری شۆڕشو گەلو نیشتمان بوو.

هەمیشە ئەیووت گەورە ئەوکەسەیە, خزمەتی گەلو نیشتمانی ئەکاتو خزمەتکاریانە.

بۆ یەکەم جار شەهید جەمال تاهیرم لەسەرەتای شەستەکاندا ناسی, ئەوکاتەی ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو. کەسەردانی سکرتاریەتم کرد, بۆ چارەسەری کێشەی کۆمەڵێ قوتابی. کێشەکە رووبەڕووی ئەو کرابۆوە لەودانیشتنەدا, بۆم دەرکەوت شەهید جەمال لە بنچینەدا, ماوەتێیەو منیش خەڵکی ئەوناوچەیە بووم. لەم دانیشتنەدا بۆم دەرکەوت کە شەهید جەمال کوڕێکی گەشبینو پشوو درێژو ووردو رۆشنبیرو بەتواناو هێمنو لەسەرخۆیە.

ئەوەی لێچاوەڕوان ئەکرا پاشەڕۆژ سەرکردەیەکی لێهاتوو ئەبێ هەرواش بوو بە ناسینی من زۆر دڵخۆش بوو, وتی هیوادارم هاوڕێیەتیو پەیوەندیمان بەردەوام بێ منیشی بەهاوڕێکانی ناساندو وتی مامۆستا تێکۆشەرێکی دێرینو پێشمەرگەیەکی خۆ ڕاگرو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزە.

لەناوەڕاستی شەستەکاندا کۆنگرەی دووەمی یەکێتی مامۆستایان لەسلێمانی لەگەڕەکی سابوونکەران لەماڵی عەبدورەحمان مەلا عومەری, برای شەهید عەبدولقادر گیرا لە کۆنگرەدا, جارێکی تر لەگەڵ شەهید جەمال بەیەك گەیشتینەوە.

هەرچەندە تازە بەمامۆستا دامەزرابوو, بەڵام زۆر چستو چالاكو ووریا بوو, رۆڵی بەرچاوی لەکۆنگرەکەدا هەبوو, مامۆستایەکی رۆح سووكو رۆشنبیر گورجو گۆڵ خاوەن پێشنیار بوو.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بوو به سەرۆکی دارشتنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی مامۆستایانو زۆر سەرکەوتوو بوو.

لەهاوینی ئەوساڵەدا, کۆمەڵەی هەرەوەزیو ویستەمەنی مامۆستایان هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کرد. منو شەهید جەمال تاهیرو عەبدولقادر بابان بە لیژنەی چاودێری هەڵبژێردراین.

شەهید جەمال لەو لیژنەیەدا, ڕۆڵی گرنگی هەبوو, زۆر بەهێمنیو وردی کارەکانی ئەنجامئەدا, لەهەموو شتێکی گەورەو بچووکی ئەکۆڵییەوە, پاشان کۆمەڵەکە داخراو, ئێمەش جیابووینەوە.

شەهید جەمال لێپرسراوی ڕێکخراوی ناوچەی دەربەندیخانی پارتی پێسپێردرا ئەوسەردەمە, لەوناوچەیەدا کۆمەڵێ کێشەی گەورەهەبوو, یەکێ لەوانە کێشەی عەشرەت گەری بوو.

توانی بەژیریو توانای خۆی, زۆربەی کۆسپەکانی بەردەم کارەکانی لابەرێو خۆی لەناو جەماوەردا خۆشەویست بکات, سەرکەوتوو بێ لەگەشەکردن پتەوکردنی ریزەکانی ڕێکخستنداو پەناو پشتیوانی بۆ خۆی دروست کردو سەرکەوتوبوو.

دوای دەرچوونی بەیانی 11ی ئازاری ساڵی 1970و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان. شەهید جەمال لەسەر پێشنیازی بەڕێز(مام جەلال) بوو بەئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانی.

هەرچەندە کەندو کۆسپ ئەخرایە بەردەم ئەنجامدانی کارەکانیو ڕێگری ئەکرا, بەڵام ڕۆڵی زۆر نایابی بینیو سەرکەوتوو بوو, هەمیشە پەنجە بۆ کارە سەرکەوتووەکانی درێژ ئەکرا.

ئێوارەیەکی مانگی 1972/4, لەماڵی هەڤاڵێکی کۆمەڵە کۆبووینەوە, بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە ئاساییەکانمان, بۆ یەکەمجار شەهید جەمال تاهیر-م لەو شانەیەدا دۆزییەوە, دیاربوو ماوەیەکی زۆر بوو پەیوەندیی بەکۆمەڵەوە کردبوو سەرەڕای ڕۆشنبیریی خۆی, شارەزایو پەروەردەکردنی خۆی سوود وەرگرتنی لەشانە ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵەی مارکسی لینین, بووبووە سەرچاوەیەکی زانیاری بیروباوەڕی کۆمەڵەو زانستەکانی مارکسییەت.

لەبارەی کاری ڕێکخستندا, بووبووە مامۆستایەکی بەتواناو کادیرێکی پشوو درێژی ماندوو نەناسو خۆڕاگر لەڕۆژانی ڕەشو سەختدا.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە, هەرکات بۆمان بڕەخسایە پیاسەی دوورو درێژمان ئەکردو بەوردی لایەنە گرنگو بەرچاوەکانمان ئەخستە بەرباسو لێکۆڵینەوە ڕووداوەکانی سەردەممان شی ئەکردەوە.

سەرەتای ئازاری 1974 لەکۆبوونەوەیەکی ئاساییدا کە شەهید سەرپەرشتی ئەکرد, باس لەوەکرا کە دووبارە شۆڕش دەستپێکرایەوە کۆمەڵە چۆنو بە چ شێوەیەك بەشداری ئەکات.

شەهید جەمال وتی ئەوەی بەمن وتراوە ئێمەش بەشداریی شۆڕش ئەکەین, ئەوهەڤاڵانەی دیارو دەرکەوتوون ئەچینە شاخ درێژە بەخەباتی خۆمان ئەدەین, ئەرکی سەرشانمان جێبەجێ ئەکەین لەناو شۆڕشداو ریزەکانی کۆمەڵە پتەو ئەکەین, گەشە بەکۆمەڵە ئەدەین ڕێکخستنەکانمان بەهێز ئەکەین, شارو شاخ پێکەوە گرێ ئەدەین.

شۆڕش دەستی پێکردەوە, شەهید جەمال چووە دەرەوەو بەرەو پێنجوین ڕۆیشت بەدڵسۆزییەوە ئەرکی خۆی لەناو شۆڕشدا جێبەجێ ئەکردو هەمیشە لەتێکۆشاندا بوو, بۆ سەرکەوتنی شۆڕش لەلایەکەوە, لەلایەکی ترەوە هەڤاڵانی کۆمەڵەی لەخۆی نزیك ئەکردنەوە ڕێنمایی ئەکردن بە دڵسۆزانە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لە ناو شۆڕشدا بدەن هەوڵی پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵە بدەنو خۆیان پەروەردە بکەنو بخوێننەوە خۆڕاگر بن, دلێرانە رووبەڕوو چەوت و چەوێڵەکان ببنەوە بەرگریی لەکارەساتەکان بکەن.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

شەهید جەمال توانی ژمارەیەکی باش کادیری پوخت بۆ کۆمەڵە پەروەردە بکات, دیاردەکانی هەرەس هێنانی شۆڕش دەرئەکەوتن‌و هەست بەوکارەساتە سامناکە ئەکراو کوردستانی هەژاند, ڕووناکی کوردستان بووە شەوزەنگی نائومێدی شەهید جەمال کەوتە جوڵەو پەیوەندی کردن بە هەڤاڵانی کۆمەڵەوە, بۆ راوێژکردن دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك, بۆ بەرگری لەشۆڕش‌و مانەوە لەکوردستان پەرەپێدانی شۆڕش. بۆ ئەمەش کۆبوونەوەیەك پێکهات لەگوندی(کێلو)ی پێنجوین بەبەشداری شەهید جەمال‌و ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی کۆمەڵە بۆ داڕشتنی بڕیارێك دەربارەی چارەنووسی شۆڕش لە نێوان بەرگری‌و گەڕانەوە بۆ عێراق.

دوایی هەموو گەیشتینە ئەو بڕوایەی کەبارو دۆخی ناوچەکەو دەرەوە گونجاو نییە, بۆ بەرگریکردن بۆیەگەڕانەوەمان بەپەسەند زانی.

لەکۆتایی مانگی ئازاری 1975 شەهید جەمال گەیشتەوە قوتابخانەی سەرچنار کە پێش چوونە دەرەوە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوو. من بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیەبووم ئەوکاتە ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی بەئازارە سەخت بوون, خەڵك هیوا بڕاو بوو پێشمەرگەو کادیرو تێکۆشەران پەرش‌و بڵاو سەر لێشێواو بوون بەعس بەئارەزوو خواستی خۆی گەمەی بەجەماوەر ئەکرد, سووکایەتی بە شۆڕشگێڕەکان ئەکرد. ئەم بارەی لاپەسەند بوو بۆ ئەوەی سیمای کوردو کوردستان‌و کوردایەتی بشێوێنێ‌و ڕێکخراوە بەعسییەکان دابمەزرێنێ‌و گەشەیان پێبدا. کوردستان وێران‌و کورد سەرگەردان بکات.

ئا لەم کاتەدا, شەهید جەمال‌ی کادیری بەتواناو بە ئەزموون, پاش وەرگرتنی بڕیار هاتەوە ناو گۆڕەپانی خەبات‌و دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بەوکەسانەی لێیان دڵنیابوو, بۆ ڕێکخستنەوەی ریزەکانی کۆمەڵەو دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش.

یەکەمجار پەیوەندیی بە منەوە کردو باسەکەی بۆ شیکردمەوە, چەند هاوڕێی تری دیاری کردو دەستی کرد بە ئەنجامدانی دانیشتنی چڕوپڕ, بۆ داڕشتنی نەخشەو پلانی شیاو, بۆ پتەوکردنی ریزەکانی کۆمەڵەو گەشەکردنی بەکۆکردنەوەی هەڤاڵانی دابڕاوو کەسانی تازەی گونجاو ڕێکخستنەوەیان لەناو شانەکانی کۆمەڵەدا.

شەهید جەمال لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی سلێمانی‌و کەرکوك‌و هەولێری پێ سپێردرا. دەستی کرد بە دروست کردنی گروپ‌و هێڵی جیاجیاو دەستنیشان کردنی لێپرسراوی شیاو بۆیان. بەمەبەستی پەیوەندیی بەو کەسە شیاوانە کە پەیڕەو پرۆگرامی کۆمەڵە پەسەند ئەکەن‌و ڕێکیان بخەن.

لیژنەیەکی بۆ ڕێکخستنی سلێمانی دروست کرد, لە مامۆستا (محەمەد عەبدوڵڵا مەعروف, محەمەد مەلا حسێن, شەهید ئەحمەدی موهەندس) کە خۆی بەرپرسی بوو.

لەماوەیەکی کەمدا, توانرا ڕێکخستن لە سلێمانی بچێتەوە سەر سکەی خۆی گەشە بکات‌و پتەوتر بێت ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسانی شیاو لەکۆمەڵە کۆبکاتەوە.

پاش ماوەیەك, شەهید جەمال مژدەی دروستبوونی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی داینێ‌و وتی کۆمەڵە ئەبێتە ئەندام لەناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا.

وتیشی چوونەوە شاخ‌و دروست کردنەوەی شۆڕشی نوێ نزیك بۆتەوە.

پەیوەندی‌و هاوڕێیەتی من‌و شەهید جەمال ماوەیەکی دوورودرێژو کارکردن لە ژمارەیەك جێگای جیاجیا, وای لێکردبوو کە بڕوای تەواوی بەمن هەبێ, بۆیە پەیوەندیی تایبەتی لەگەڵ مندا هەبوو, جیاواز لەهەڤاڵانی تری

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کۆمەڵە. هیچی لەمن نەئەشاردەوە. لەبەرئەوە داوای لێکردم کە لەناو قوتابخانەدا جێگایەکی نهێنی شیاوی بۆ دابین بکەم کە پێویستیەکانی کۆمەڵەی تێدا حەشار بداتو بشارێتەوەو کاتی پێویست بەکاریانبهێنێ.

لەقوتابخانەکەماندا, ژوورێك هەبوو تایبەت بە کتێبخانەی قوتابخانە, زۆر شیاو بوو بۆ ئەو مەبەستەی شەهید جەمال بۆیە کردم بە لێپرسراوی کتێبخانەکەو کلیلەکانی وەرگرت.

شەهید جەمال بەپێی شارەزاییو ئەزموونی خۆی, کاری تایبەتی تێدا کردو بووە جێگای ئەنجامدانی ئەوکارانە کاتێ مامۆستا شەهید جەمال پێویستی بوو بەوەی لەناو گەنجینەکەشدا شوێنێ دروست بکات, جێگای حەشاردانی پێویستیەکانی دروستکرد, چەند ڤات جلی سەربازیو کۆمەڵێ کتێبی تێدا حەشاردا بۆ کاتی پێویست.

شەهید جەمال ئەرکەکانی زۆر بوون زۆریش ژیرانە ئەنجامی ئەدان, بەشێوەیەك زیاتر لە نۆ (9) ساڵ قوتابخانەکەمان, بنکەی سەرکردایەتی رێکخستنو ئەنجامدانی کارەکانی کۆمەڵە بوو, بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ.

ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی شەهید جەمال-دا بوون:

1-سەرپەرشتی رێکخستنەکانی سلێمانیو کەرکوكو هەولێر.

2-سەرپەرشتی کردنی ئەنجامدانی هەموو چالاکیە پێشمەرگایەتییەکانی ناوشارەکان.

3-پەیوەندیی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو دابینکردنی پێویستییەکانیان, بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەش نەخشەو پلانی تایبەتی خۆی هەبوو بەجۆرەها رێگای تایبەتو گونجاو کە هەر لە توانای شەهید جەمالدا بوو. هەمیشە ماندوو بوو, سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکەکانی بوو, لەسەردەستی ئەم هەڤاڵە کۆمەڵە بوو بەوهێزەی هەموو لایەنەکانو رژێم حسابی بۆ ئەکرد.

شەهید جەمال لەناو ئەوسەردەمانە کەپربوون لە کارەساتی گرنگو بە ئازار پەروەردە بوو, تابووە سەرکردەیەکی شیاو کە خۆی خۆی پێگەیاند, مێژووش شاهیدە بۆ ئەم کارە دەگمەنانە:

1-ئەم سەرکردەیە لەدەستپێکردنەوەی شۆڕشدا, ژمارەیەك کەسی شیاوی ناردە شاخو مەفرەزەی لێدروست ئەکردنو پێویستیەکانی بۆ دابین ئەکردن.

2-کادیرو هەڤاڵانی وا پەروەردە ئەکرد کە خۆیان بەچەکی زانیاری زانست پەروەردە بکەن, ژیرانە ئەرکەکانیان ئەنجامبدەن, بۆ ئەوەی لەگرتنو راونان پارێزراوبن.

3-شەهید جەمال هەمیشە و بەردەوام ئامۆژگاریی هەڤاڵانی ئەکرد کە یەکێتی ریزەکانیان بپارێزن بە تێکۆشانو چالاکییەکانی خۆیان, بەپلەکانی رێکخستندا سەربکەون, دووربن لەدەستەگەریو دووبەرەکی و لادانو رەخنەگرتنی رووخێنەر, نموونەی تاڵو بەئازاری زۆری بۆ ئەهێنانەوە.

4-بۆ ئەنجامدانی کارەشۆڕشگێرپەکان, کەسی شیاو و بەتواناو چوستو چالاکی هەڵئەبژارد, نەخشەی بۆ دائەڕشتنو سەرپەرشتی ئەکردنو چاودێری ئەکردن, بۆ ئەوەی لەسەرکەوتنیان دڵنیابین.

5-لەکاری رێکخراوەیدا, زۆر گرنگیی بە ژنانو کچان, خوێندکاران, مامۆستایان, کاسبکاران, کرێکاران ئەدا, سەرەرای کاری رێکخستن, کاری شیاوی بۆ دیاری ئەکردن.

6-بڕوای وابوو کە ئەبێ لاوانی ئەم گەلە پەروەردە بکرێن, بۆیە هەوڵی ئەدا زۆر لە لاوان رێکبخرێنو بەچەکی زانستو زانیاری پڕ چەك بکرێنو کاری شیاویان بۆ دیاری بکرێ. لاوان حەز بەکارکردن ئەکەنو کارەکان باش ئەنجام ئەدەن, هەستی لەخۆبووردنیان تێدایەو پارێزەری دەستکەوتان ئەکەن.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

7-شەهید جەمال گرنگی زۆری بە رۆشنبیر کردنی هەڤالان ئەدا. کۆبوونەوەکانی خولی رۆشنبیری بوون. هانی ئەدان بۆ زۆرتر خوێندنەوە, ناوی کتێبو سەرچاوەی ئەدانێ, بۆ ئەوەی بیخوێننەوە, دراسە ئامادەبکەن‌و لەشانەکانیاندا بخوێنرێنەوە.

شەهید جەمال جەماوەری بەسەرچاوەی زانیارییەکان ئەزانی, ئەبوو هەڤالان بچنە ناوجەماوەرو بیروراو بۆچوونەکانیان وەربگرن, سوود لەبیروبۆچوون زانیاری وەربگرن‌و ئاگاداری هەموو رووداوەکانی رۆژانەبن‌و گوێ لەرادیۆ بگرن‌و رۆژنامەکان بخوێننەوە.

شەهید جەمال ژیانی بەوە ئەزانی, ئەبێ لاوانی کورد تێبکۆشن خەبات بکەن کۆت‌و بەندەکانی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و چینایەتی بشکێنن‌و وردوخاشی بکەن, تائەگەنە دوارۆژێکی بێ‌چەوسانەوەو ئارام‌و سەربەست‌و ئازادو بەمافەرەواکانی خۆیان بگەن.

نابێ لەسزاو ئەشکەنجەو زیندان‌و دەربەدەری تاشەهید بوون سڵ بکەنەوە.

ڕەنگە هەندێ کەس وابزانن, شەهید جەمال گیروگرفت کەندوکۆسپ لە بەردەمیا نەبووە, ماوەی بۆ رەخساوە, بۆیە هەمیشە بیری لای گەل‌و نەتەوەکەی‌و خاکەکەی‌و چینی چەوساوە بووە, بۆیە بێوچان‌و پشوودان خەباتی کردوەو تێکۆشاوە.

بەڵام لەراستیدا, شەهید جەمال مامۆستای سەرەتایی بوو, بەموچەیەکی کەم کە هەموو سەرچاوەی ژیانی بوو, خاوەنی خێزانی زۆرو کرێچی ماڵان بوو ,چەندین گیروگرفتی لاوەکی هەبوو, بەڵام سەروەریی نەتەوەکەی لای ئەو لەهەموویان گرنگتر بوو.

شەهید هەموو ژیانی تەرخان کردبوو بۆ رێکخستن‌و پتەوکردن‌و گەشەکردن‌و پرچەك کردنی ریزەکانی کۆمەڵە, بەزانیارییەکی راست‌و دروست وپێگەیاندنی کادیرەکان بەو ئاراستەیە کە بەتواناو خۆڕاگرو ماندو نەناسبن‌و کار بۆ رێکخستن بکەن, چونکە بناغەی سەرکەوتنە.

لەماوەی ژیانی شەهید جەمال دا, کوردستان بووبووە جێگای چەندین دیاردەی دزێوی ئاڵۆز کە دەبووە هۆی سەرلێشێواندنی مناڵ‌و لاوی کوردو هەتا پیرەکان.

1-رژێم دەزگای حوکمی زاتی کارتۆنی دامەزراندبوو, پروپاگەندەی زۆرو بەردەوامی بۆ ئەکرد, ژمارەیە لە پیاوانی خۆی خزاندبووە ئەو دەزگایانەوەو کوردی پێ سەرکوت‌و دەم کوت ئەکردن,وای نیشان ئەدا کە ئەوەیە مافی کورد.

شەهید جەمال پێی وابوو ئەبێ هەڤالانی رێکخستن لەناوەرۆکی ئەو حوکمە زاتییە ئاگادار بکرێن‌و بڕوا بەپروپاگەندەکانی پیاوانی رژێم نەکەن, بەپێی هەوڵ کۆششەکانی هەڤالان‌و رابەرایەتی شەهید توانرا ڕاستییەکان بۆ جەماوەر روون بکرێنەوە. تا ئەو رادەیەی بەزۆرو لەترسی نان بڕین نەبوایە, جەماوەر بەشداریی هەڵبژاردنەکانی نەئەکرد.

2-رژێم بۆ دژایەتی شۆڕش‌و لاوازکردنی دەزگای (افواج خفیفه)ی دامەزراند ژمارەیەکی زۆری لەسەربازی فیرارو ئەوگەنجانەی لەجیاتی سەربازی ئەبوون بە خەفیفە کۆکردەوەو سریەو فەوجی لێ دروستکردن کە ئەگەر کاری پێویست و گرنگ نەکرایە بۆ کەم کردنەوەی زیانەکانیان, مەترسییەکی گەورە ئەبوو بۆ سەرشۆڕش.

لەبەرئەوە شەهید جەمال زۆر زوو دەرکی بەوەکردو دەستیکرد بە پەیوەندی کردن بە سەرکردایەتی‌و هەڤالانی خوارەوە, لەمەترسییەکان ئاگاداری کردن.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

بڕیاریدا کە ئەبێ لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە, گەنجان ئاگادارو هۆشیار بکرێنەوە, لەنیازی چەپەڵی ڕژێمو مەبەستەچەپەڵەکانیو ژەهراوییەکانی بۆ بەرەنگاری شۆڕشی نوێ.

کاری گرنگ لای شەهید جەمال ئەوەبوو کە:

1-تا بتوانرێ کار بۆ ئەوە بکرێ گەنجان پەیوەندیی بەو دەزگایەوە نەکەن.

2-هەوڵبدرێ ئەوانەی ئەبن بە خەفیفە زیانیان بۆ گەلو شۆڕش نەبێ, هەر هیچ نەبێ زیانیان کەمبکرێتەوە.

3-هەوڵبدرێ ڕێکخستنی تایبەت لەناویاندا دروست بکرێ, بۆ کاتی پێویستو وەرگرتنی هەواڵەکانی ئەو فەوجانەو ناسینیان.

4-بڕیاریدا زانیاری تەواو لەسەرۆك فەوجەکانو ئامر سریەکان بەوردی کۆبکرێنەوە, لەهەموو روویەکەوە تۆماربکرێن.

بێگومان هەوڵەکانی شەهید جەمال جێگای دیاری هەبوو توانرا زۆر شتی گرنگو کاریگەر بکرێ,ئەیووت ڕۆژێك ئەبێ ئێمەش شەڕی ڕژێم بەم جاشانە بکەین.

3-ساڵی 1979 ڕژێم یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری دەرکرد. بەونیازەی پیاوەکانی بنرێتە ناو کۆمەڵانی خەڵك, بۆ ئەوەی کار بۆ بەعس بکەن بیروباوەڕی بەعس بڵاو بکەنەوە, ڕێکخستنی بۆ دروستبکەن نەخوێندەوارە هەژارەکان بۆ ناو بەعس پەلکێش بکەن.

دەزگایەکی لەپیاوانی خۆی دروستکرد پارەو پوولی زۆری خستە بەر دەستیان, بۆ پێکهێنانی بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کارئاسانی زۆری بۆ کردن بۆ کردنەوەی بنکەکان, لەناوشارو شارۆچکەو گوندەکان بۆ ئەنجامدانی کارە دزێوەکانی ڕژێم.

ئەم کارانە شەهید جەمال-ی نیگەران کرد, زۆر زوو لەمەبەستی بەعس تێگەیشت سەرکردایەتیئاگادارکرد.

کەوتە بیرکردنەوە بۆ نەخشەکێشانو پلان دانان, بۆ ئەوەی ئەوەی بەعس ئەیەوێ بۆی سەرنەگرێو ئەنجامنەدرێ, بەپێی نەخشەو پلانەکانی دەستی بەکارکرد کە خۆی لەم خاڵانەدا ئەبینییەوە:

1-پێویستی کرد راسپاردەی ئەوماموٚستایانەی لەڕیزەکانی یەکێتیدان ببن بەوانە بێژو هەریەکەیان لە دوو بنکەی نەهیشتنی نەخوێندەواریدا وانە بڵێنەوە, شەهید خۆی یەکێك بوو لەوانەی کە لەدوو بنکەدا وانەی ئەوتەوە.

2- هەموو ڕێکخستنەکانی بە نووسین ئاگادار کرد, لە گوندو شارۆچکەو شارەکاندا, بۆ ئەوەی بچنە ناو بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکاینان بن, بچنە ناوجەماوەرو هۆشیاریان بکەنەوە کە کارە دزێوو بیروباوەڕەکەیان کارنەکاتە سەریان. گوێنەگرن لەوباسانەی نامۆن بە گەلی کوردو لەخزمەتی بەعسدان.

3-پەیوەندیی کرا بەیەکێتی ماموٚستایانی کوردستانەوە کە راسپاردە بکات بۆ ئەو ماموٚستایانەی پەیوەندیی پێیانەوە هەیەو سەرجەم ماموٚستا دڵسۆزەکانی کورد, بۆ بونیان بەوانەبێژو بەپێچەوانەی خواستی بەعس کاربکەن فێرخوازەکان بەبیرو باوەری کوردایەتی پێشکەوتنخواز گۆشو پەروەردەبکەن.

هەوڵو کۆششەکانی شەهید جەمال هەڤاڵان کاردانەوەیەکی گرنگی هەبوو لە پوچەڵکردنەوەی خواستو ئارەزووکانی بەعسدا, لەگەیاندنی مەرامەکەیدا, بەعس شکستی هێنا.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

شـەهید جـەمال ئـەوماوە زۆرەی مامۆسـتابوو, تـەنها رۆژێکـیش لـەدەوام دوا نەکـەوت نموونـەی مامۆسـتایەکی دڵسۆزو بەوەفا بوو پـەروەردەکارێکی کۆڵنـەدەر بـوو لەپـەروەردەکردنی قوتابییەکانیـدا بـە پەروەردەیـەکی کوردانـەو پێشکەوتنخوازانە.

سروودی کوردیی فێرئەکردن کوردو کوردستانی بەقوتابیان ئاشنا ئەکرد, پەیامی کوردایەتی پێ ئەگەیاندن.

خۆشەویـستی هـاورێ مامۆسـتاکانی بـوو, وانـەی یەکیـەتیو برایـەتی یـەکبوونی ئـەدا بـە گوێیانـدا, تـا هـەمووان بەشداریی جوڵانەوەی کوردایەتی بکەنو بەئاواتەکانمان شاد بین.

شەهید جەمال لەسەرەتای هەشتاکاندا, دووجار گیرا هەرجارەی زیاتر لەساڵێك لەبەندیخانە مایـەوەو بـەقارەمانی بەندیخانە بەناوبانگ بـوو, بەرگـەی هـەموو جۆرە سزاو ئەشکەنجەکانی بەعـسی گـرت, تـەنها وشـەیەکی نـەدرکانـدو ریزەکانی رێکخستنی پاراست.

دوای ئـازادبوونی لەبەندیخانـە, لـە کۆنفرانـسدا بەئەنـدامی سـەرکردایەتی هەڵبـژێردراو دواتـر بـوو بـە ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسی یەکیـەتی نیـشتمانی کوردسـتان, لێپرسـراوی مەکتـەبی رێکخـستن, دواتـر بـۆ چوون بـۆ بەشـداری کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە دۆڵی بالیسان, بەکارەساتی ئۆتۆمبێل شەهید بوو.

**محەمەد عەبدوڵڵا ژاژڵەیی**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com